# لەدۆزەخەوە

زاریا شێخانۆڤە
sarya_shexanova@yahoo.de



من کە منالْ بووم هەمیشە بەدووای دایکمەوە بووم ، دایکم بۆهەرشوێن برۆیشتایە ، من دەکەوتمە شوێنی ، دەبوایە من وەك کۆیلەیەکی منالْ لەئەوەوە ئەرکوفەرمانەکانی کۆیلەیەکی گەورەفێربم .کاتێکیش کەهاتمە دنیاوە ، مەوجودێکی زیادەبووم ، بەکەڵکی هیچ ناهاتم ، غەیری کارەکەری براوباوك نەبێت . باوکم بەنەنکمی وتبوو : ئەم ژنە سیلاوییەی من هەمیسان کچی بووە ، من چی لەکچ کەم ، ئاخر پێم نالّێن کچ بۆچی باشە ؟ بەلاّم سەخترین شت بۆمن ئاوکێشانەوە بوو، ئێمە بۆ ئاوکێشانەوە دەبوایە بەتوولە ڕێییەکدا برۆین ، کەبەڕێگایی دۆزەخ بەناوبانگ بوو . ژنان هەرلەبەیانییەوە تائێوارە بەشان و پیل ئاوییان دەکێشایەوەو ئێمەی منالّیش بەدووابیانەوە . ئێمەی منالْ ، لەگەڵ ژنانی گەورەسالْ مەحکوم بووین بەوەی کەهەتاماوین دەبێت ئاوبکێشینەوە ، جلو بەرگ بشۆرین ، چێشت لێ بنێین ، ناومالْ گسکدەین و وەك کۆیلە دەبوایە خزمەتی پیاوەکان بکەین . دایکم گیانی دەرچوو هێندە چای لەبەردەم باوکم دانا، تەنانەت باوکم لەحەمامەکەو لەکاتی خۆشۆرینشدا دەیقیڕاند ، ئافرەت وەرە پشتم بشۆ. ئێستاش لەپێشچاومە ، ژنەکەی کاك جەمالْ، کە زگی پێنج شەش مانگان بوو ، تابەرمیلە ئاوێکی دەکێشایەوە گیانی لەکونە لوتیەوە دەهاتە دەر ، هەندێك جار بەدەست ئاوکێشانەوە دەگریا ، بەلاّم چاری نەبوو دەبووایە تادەمرێ خزمەتکاری و بێگاری بکا . جالەهەموو ناخۆشتر ئێمە ناچاربوون شەوڕۆژلەجۆگایەك ئاوبکێشینەوە کەدڕکە تیژەکانی تولەڕێگا ناهەموارەکەی لەزمانی مارتیژ تربوون . ئەم دڕکانە هەرکە دەچەقینە قولەپاژنەمان ، وەك ئەوەی ماربداپێمانەوە، قیژەمان لێبەرزدەبوەو لەجێگای خۆمان سڕ دەبووین و ئیتر نەمان دەتوانی هەنگاوێ بۆ پێشەوە بنێن. هەندێ جار دەبوایە بەدوو ژن دڕکی تائێسقان چەقیوی پای ژنێ دەربهێنن . هەریەك لەئێمە دەرزیەکی پێ بوو بۆدڕك دەرهێنان ، لەگەڵ ئەوەش هەندێ لەدڕکەکان بەشێووەیەك لەپوزمان دەچوونە خوار کەئێمە منالّکارەکان لە حەژمەتی ژان و ئازار دەماندا لەقروەی گریان . هەندێك جار دڕکەکانمان بۆ دەرناهات و لەگەڵ ئەوەش دەبوایە بەشەلەشەل تەنەگە ئاوەکان بگەیەنینە مالّەوە. ئێمە هەموو شان وملمان خواروخێچ بوو بە هۆی ئاوکێشانەوەو گەنوو گوشۆرینەوە. ژنان ناچارکرابوون لەم دێیە شایەدی مردنی کۆرپەکانیان بن. شایەدی ڕشك وئەسپێی سەری منالّەکانیان بن، شایەدی قنچکەو برینی سەرڕوومەتی منالّەکانیان بن، شایەدی چاوئێشەو دومەڵی سەرسمت و ناولینگیان بن . سالْ نەبوو لەدێیەکەی ئێمە دووسێ منالْ نەمرێ . ئێمە هەربەمنالّی فێری گریان و قژڕنینەوەو سنگ کوتان بووین . ئێمە منالاّنی بێ سەردەمی منالّی بووین ، هیچ جیاوازیەك نەبوو لەشاربژین یا لە دێهات . ئێستەباش دێتەوەبیرم ، کەدەمەدەمی خۆرئاوابوون بوو ، بیستم بەهیەیی بەستەزمان منالّی دەبێت ، یەکسەر ڕام کردوو چووم بەدایکم گوت . من کە ڕەزالەتی دووگیان بوونی ئەوبەدبەختەم لەکاتی ئاوکێشانەوەدا دیبوو، ئێوارە پاش نانخواردن یەکسەرکەوتمە دووای دایکم و بەرەو ئەوێ بەڕێکەوتین . کاتێك گەیشتین دوو سێ کچی تری هاوتەمەنی من لەوێ بوون ، ئەوانیش لەگەڵ دایکیان هاتبوون ولەپێش دەرگای حەوشە یارییان دەکرد ، منیش تێکەلاّوی ئەوان بووم و پێکەوە کەوتینە یاری کردن ، بەلاّم هەروەك هەمیشە کونجکاوی نەیهێشت چیدی یاری کەم و بە کچەکانی ترم گوت: بابڕۆین بزانین بەهیە چۆن منالّی دەبێت . ڕۆیشتین گوێچکەمان نووساند بەدەرگای مالّەوە ، دەرگاکە لەتەختەی دار درووستکرابوو ، لەدرزی تەختەداری دەرگاکەوە دەمانتوانی بەجوانی کارەساتەکە ببینین .. کارەساتی منالْ لەدایکبوون . بۆئەوەی بزانین چی ڕووئەدات ، پالّمان دەنا بەیەکەوەو بەنۆبە تەمەشای ژوورەوەمان دەکرد . سروە، کە دەیبینی چۆن بەهیە زریکەی بەرزدەبێتەوە ، دەیگوت: ئەگەر منالْ لەدایك بوون ئەم هەموو ئازارەی هەبێ ، ئەوە دەبێت هەرلەئێستاوە لەشوکردن بتۆقین ، بەخوا دایك من تا گەورە

گەورە نەبم شوو ناکەم . کالێ یەکسەر وڵامی دایەوە : بۆمەگەر بەدەس خۆتە .. بەخوا بەزەبری کوتەك ئەتدەن بەشوو . من بیستبووم منالبوونی یەکەم ئازاری گەلێك زۆرە ، بەلام خۆ پورە بەهیە ، ئەمە پێنجەم جاربوو منالی بێت ، لەگەڵ ئەوەشدا نالاندن و قیژەو هاواری دەچوو بەگژ ئاسمانە ، ئێمە هەندێك جار پەنجەمان دەنا بەگوێچکەمانەوە ، بۆ ئەوەی گوێمان لەو چریکەونالەیە نەبێ کە خوێنی لەبەر دەڕۆیی . من لەدرزەکەوە دەمبینی ، چۆن بەدووژن لینگی "بەهیە"یان بەرز کردبووەو بەدەنگی بەرز دەیانگوت: دەی ڕۆڵە بەقوربانت بم ،کەمێکی ماوە.. ئەها کەمێکی تر .. هەناسە هەڵکێشا ، ئینجا هێز بهێنەرەوە بەرخۆت . لەژێر تیشکی فانوسەکەوە ،کەوەك ئەوە وابوو لەترسا پرتە پرتی بێ ، دەم بینی ،چۆن دووسێ ژنی تر بەدیار سەری بەهیەوە بوون و بەپارچە پەڕۆیەك پەیتا پەیتا عارەقەی شین و مۆری دەموچاوویان دەسڕیەوە . بەهیە دەینقاند و هەناسە بڕکێ و لوشەی لوتی دەگەیشتە دەرەوە ، من لەحەژمەتدا چیدی نەمتوانی لەدرزی دەرگاکەوە تەمەشای ئەوتراجیدایایە کەم ، بۆیە خۆم پێ ڕانەگیراو چووم لەولاوە ،وەك سۆنەیەك تەرە کەوتمەوەو سەرم خستە ژێر باڵم و هەڵکوڕمام . بیرم لەوە دەکردەوە، کەئەبێ لەدایکبوونی ئێمەش هەموو هەربەو شێوەیە بووبێ ؟ ئەوها بەسەختی ؟! هەرچەندێکم دەکرد نەم دەزانی ، بۆچی لەدایکبوون ئەبێ ئەم هەموو ئازاروو ئێشەی هەبێ ؟ بۆچی ئەبێ هێندە درێژە بخایەنێ ؟ هەرچی گیاندارو باڵندە هەبوون لەودەشت و دەرە ، لەوچەم و چۆڵە، لەوحەوشەو بانانە، چوونە هێلانەکانی خۆیانەوەو کڕ بوونەوە . ئەستێرەکان لەژێر هەورێکی تەنکی ڕەنگ خۆڵەمێشی بەنائارامیەوە دانەبەدانە ون بوون ، دووا مالی دێ فانۆسەکەی کوژانەوە ، ئێمەیان ڕاونا بۆمالەوە تابنووین ، بەلام زریکەو ژانی "بەهیە" هەر نابڕایەوە . گەیشتمەمالەوە ، بەئاسپایی خزامە ژێرجێگەکەمەوە ، چاوم نووقان و خۆم لەترسی «ئایندەی» ژنێتی شاردەوە ، بەلام لەگوێچکەمەوە دەنگی پڕلەئازاری بەهیەی بریندار دەهاتە ژوورەوە ، کەپچڕ پچر دەیگوت: ناتوانم ،چیدی ناتوانم ...دایك بەخوا چیدی ناتوانم . لەگەڵ نالەی ئەو ، منیش تابەیانی تلامەوەو بەم دیوو ئەودیوودا خۆم وەردەگێڕاو نەمدەتوانی بنووم .



ئێستەش باش دێتەوە بیرم ، دووساڵ دووای کارەساتی منالبوونی بەهیە ، چۆن دووانیوەرۆیەك "هێرۆ"ی کچەکەی" بەهیە"یان بەبووکی برد . ئێستاش باش لەپێشچاومە ، زەنگوڵەی فرمێسکی چاوەڕەشەکانی هێرۆ چەند بەخوڕ دەهاتنە خوار ، ئەو فرمێسکانەی کە کللی چاو و سوروسپیاوی سەر ڕوومەتیان دەشۆریەوە . لەحەوشە دەنگی مۆسیقاوگۆرانی ووتن بەرزدەبووەوە ، مێوانە بانگێش کراوەکان بەشۆڕو شەوقەوە« بەشان بەشانیان» بوو و گاوانیان چۆڵدەکرد بۆسەر چۆپی ، بەلام هێرۆ بەفرێسك و هنسکەوە ڕوویدەکردە مالێکی تر . لەسیمایی ئەو جگە لەخەم و پەژارە و دڵەڕاوکێ و ناڕەزایەتی شتێکی تر بەدیناکرا . ئێمە منالکارەکان وەك کوولە بەملاوئەولای هێرۆدا کۆبوبووینەوەو لەبەرێکردنی ئەمانوویست بەشداربین . من وامدەزانی هێرۆ لەترسی ئەوە دەگریێ ،کە شەو دەکرێ بەژن و دووگیان دەبێ و سالێکی تر منالێکی دەبێ ، یا ڕەنگبێ ترسی ئەوەی هەبێ لەکاتی مندالبووندا هەروەك دایکی هاوارو نالەی لێبەرزبێتەوەو خوێنی لەبەر بڕوا ، لەوەش وەحشەتناکتر ، وەك دایکی بەسەر منالبوونەوە گیانی لەدەسبدات ! من دووایی ئەو شایی و زەماوەندە ،گەلێك شایی و زەماوەندی ترم بینی ، بەلام لەهیچیان خەندەم بەسەرلێوی بووکەوە نەبینی ، خەیری فرمێسك و گریان نەبێ . بەلامەوە سەیر بوو ،چۆن خەلکی دەتوانن شایی کەن لەکاتێکدا فرمێسك بەچاوی بووکدا دەهاتە خوار . هێرۆ تەمەنی هەر ١٦ سالان دەبوو ،کە ژن بەژنێی پێکرا . من و دەستە کچەکانی هاوڕێم لەلایەکەوە زۆر خەمگین و دڵتەنگ بووین ، بەلام دوایی ئەوەی کە هێرۆیان سوار ئۆتۆمۆبێل کرد ، ئێمەش چاومان لەگەورەکان کردو چووین لەژوورێکدا دەستمان کرد بەگۆرانی و هەڵپەڕکێ . پاش سەعاتێ بووکی دووەمیان گەیاندەوە دێ ، ئێمە هەموو بەرەو پیری بوك ڕامان کرد . ژنان پالە پەستۆییان بوو و گۆرانیان دەووت و یەك دووانێکی تر هەڵهەلەیان لێ ئەدا ، ئێستە نایەتەوە بیرم چ ژنێك بوو لەناو خەلکەکە ،بەدەنگێکی بەرز گوتی : « باوانم شێوێ، کوێراییم دایە بۆت جەمال ، چاوم کوێر بێ بۆت هێرۆ ،چۆن بەخەسار چوون . بووکی چی ، هەردەڵێی قولە ڕەشە! ئێ ڕۆڵە لەکاتی داخوازی و

مارەکردندا کوێرایت داهاتبوو . من بە بۆڵە بۆڵی ئەوژنە زۆر ڕاچەڵەکام . بووکەکە ناوی "سێوە" بوو ، کچێکی ڕەشئەسمەر ، بەژنێکی باریك ، برۆکانی تەنك و ڕەش ، بۆڵەترێیی ڕەش بەقەددارەوە چەند جوانە! چاوەکانی ئەو ڕەشترو جوانتر بوون . دیار بوو ئەویش هەروەك هێرۆ بەگریانەوە ماڵی جێهێشتبوو ،چوونکە یەشتا فرمێسکەکانی بەسەر گۆنە ئاڵەکانیەوە کزر نەبوبوونەوە . بوکی بەستەزمان وەك نیوەگیان وابوو ، دوو ژن وەك ئەوەی هەست بەمە بکەن، ئەم شان و ئەوشانیان گرتبوو ، من وام دەزانی بۆ ئەوەیە بەرەوە نەبێ . حەسرەتم بوو تەنها جارێك چاو هەڵبڕێ ، کەمێك سەربەرزکاتەوە .. نەگۆرانی ، نەتیلی لیلی و نە هەڵهەڵەی ئەو مێگەلە ژن و پیاوەی کە بەدەوریدا دەسوڕانەوەو لەسەر خۆ بۆ ماڵەوە پەلکێشیان دەکرد، سەریان بەئەوهەڵنابڕی . پێش ئەوەی بیبەنە ژوورەوە ، پیاوێکی پیر بەدەنگێکی ڕەسا بانگی کرد ، گوڵە ..گوڵە..جارێك مەیبەنە ژوورەوە ، با بچێتە سەر ئەوکورسیەو خەڵکی ببینێ و بزانین ، بوکمان جوانە یان ناشرین . من قەت ئەوقسەیەم لەبیر ناچێتەوە .. ئاخر بوکەکە گوێیی لێ بوو . بەڵام چ جیاوازیەکی هەبوو بۆ بوکی کۆیلە جوان بێت یان ناشرین. . ئەو گۆرینەوەی پێکرابوو ، لەگەڵ کۆیلەیەکی تردا، ئایندەیەکی باشتر چاوەڕوانی نەدەکرد ، هەنگاوەکانی بەهەنگاوی کەسێکی دەکرد ، کەبەبێ تاوان بۆ بەردەم پەتی سێدارەی بەرن . من نەم دەزانی بووکەکە بیری لەچی دەکردەوە ، بەڵام دەمزانی دەترسا ، زۆر زۆر دەترسا . ئاخر.. بەچاوەکانی ، بەفرمێسکەکانی ، بەهەنگاوە لەرزۆکەکانی، بەخەمگینی، دیاربوو کەچەندێك دەترسێ . ئەگەرچی من نەمدەزانی خەمی بووك لەکەیەوە دەستی پێکردبوو ، بەڵام دەمزانی جوانی ئەو لەئەمڕۆوە کۆتایی پێدەهات .

*****************************************************

کەهێرۆ شووی کرد ١٦ساڵبوو . کە سێوەشیان لەجیاتی هێنا سێوەش هەرلەتەمەنی ئەو . من لەدوورەوە ئاگام لە هێرۆ نەبوو چۆن دەست و پەنجە لەگەڵ ژیبانی تازە نەرمدەکات ، بەڵام ئاگام لەسێوە هەبوو ، ئێستە ئەو دەبوایە بەبێ هیچ تاقیکردنەوەیەکی لەوەپێش ٤ منالْ بەخێوکات . من زۆرجار، لەکاتی جێ بردنە سەربان بەدزیەوە گوێم لەگۆرانیە خەمگیناویەکانی سێوە دەگرت . ئەوکاتێ گۆرانی دەگوت کەس لەماڵ نەبووایە ، من دەمزانی سێوە لەکاتی گۆرانی وتندا ئەبێت بەدووبەشەوە، بەشێك لەناو چوارلایی دیوارێك دەمێنێتەوە ، بەڵام بەشەکەی تر بەسەربالْی خەیاڵەکانیەوە حەوشەکەی جێدەهێشت و بەدووای دنیایەکی تر دەگەڕا. باجی ڕەحمە ( کەوەك کەسێکی سەرناس و ژن ناس ناوبانگی هەبوو ، هەمیشە ئەندامی لێژنەی داخوازی و دەم سپی ژنان بوو) کەدەهات بۆماڵمان و باسی سێوە دەکرا ، خێرا دیگوت: ژن هەبێ سێوەیە ، بزانە پرتەو بۆڵەیەکی لەدەمەوە دێت ، بەجەرگ ،خۆڕاگر ، بۆمناڵەکانیش زۆرباشەو هیچ بەباوەژن ناکات . من تێناگەیشتم مەبەستی لەچی بوو کە زۆر جار دەیگوت :« قەینا ڕەشە ، خۆ مێوژیش ڕەشە،بەڵام تامی خۆشە . »پاش ساڵێك لەوەدووا کچێ بۆی گێڕامەوە کە یەکەم شەو، "سێوە" لەکاتی جوت بوندا هێندە خوێنی لەبەر دەڕوا ، بەناچار بەوشەوە بۆئەوەی نەمرێ بەئۆتۆمۆبێلێك دەیبەن بۆ خەستەخانە.

*************************



ئێستا ئەوە چواردەساڵ بەسەر ئەو وەختەدا تێ دەپەڕێت ، بەهۆی ئەو هەموو گۆڕان وجێگۆڕکێیەیی ، کەلەژیانی ئینسان دێتە پێشەوە ، ئینسان بەناچار ئاگای لەزۆر کەس نامێنێ ، من ئەوە ١٦ ساڵە لەئەوروپام ، ئەوکەسانەی کەڕۆژێك لەدێییەکدا و لەکوچەیەکدا پێکەوە پێمان گرت و گەورەبووین، ئێستا هەریەك بەلایەکدا پەراگەندەبووین . هەندێك هەواڵی یەك دەزانین ، بەڵام هەندێکی تر تائێستا ئاگامان لەیەك نیەو هەواڵی یەك نازانین. باش بوو ئیمساڵ ، پاش ١٤ ساڵ، کاسێتێکم لەکوردستانەوە لەخزم و کەسەوە بەدەست گەیشت ، کە لەکاتی چوون بۆسەیران و لەودەشتە گیرابوو . من پاش ١٤ ساڵ زۆرێك لەکەسەکانم نەدەناسینەوەو دەبووایە پرسیارم کردایە ، یەکێك لەوکەسانەی کە نەمناسیەوە هێرۆ بوو . ئەو تاقە تەڵێ مووی ڕەش چیە بەسەریەوە نەمابوو ، وەك پیرێژنێ لەژێر دارێك بەتەنهایی دانیشتبوو بەکزیەوە

لەقیدۆكامێرەكەی دەڕوانی و سلاوی بۆ ئەمو ئەو دەنارد . ئەو چوارساڵ لەگەڵ مێردەكەیدا نەبوو كەدووای ئەوە ، مێردەكەی لەبەرەكانی جەنگی عێراق و ئێران نەگەڕایەوەو تائێستاش بێ سەروشوێنە . كەس نەیزانی كوژرا یابەدیلگیرا ، بەلاّم ئەو شووی نەكردەوەو بەهەر ڕەزالەتێ بێت منالّەكانی بەخێو دەكات . هەندێ منالّی تریان پێ ناساندم و یەكێك لەوانە منالّێكی شەش حەوت سالّە بوو ، گوتم ئەوە كچی كێیە ؟ گوتیان: ئەوەكچی سێوەیە . گوتم ئەی بۆ سێوە بۆخۆی لەم سەیرانە نیە ؟ ولاّمیان دامەوە : نیوەڕوانێكی درەنگ وەخت ، سێوە پاش ئەوەی جلو بەرگی منالّەكان دەشواو بەسەر تەنافەكەوە هەلّیان دەخاتو نان بۆ منالّەكان تێدەكا ، ئەوجا بەمنالّەكان دەلّێ ئێوە نانەكەتان بخۆن تامن خۆم دەشۆم ، دووای ئەمە دەڕواتە گەرماوەكەوەو لەودیوەوە دەرگاكە لەسەر خۆی دادەخاو گالّۆنێك نەوت دەكات بەسەر خۆیداو ئاگر لەخۆی بەردەدات . دەیان گوت : نە قیژەیەك نەهاوارێك چیە لەدەمی ئەوژنە نەهاتە دەرەوە . تەنانەت بۆ ئەوەی كەس نەتوانێ بیكوژێنێتەوە لەودیوەوە دەرگاكەی لەسەر خۆ داخستبوو . گەرماوەكە هەرلەپاڵ ژووری دانیشتنەكەوە بوو ، بەلاّم خەلّكی نەك لەڕێگای فیزاح و قیژەو ئازاری سوتانی سێوە ، لەم كارەساتە دلّ تەزێنە ئاگادار بوونەوە ، بەلّكو لەبەر بۆنی تیژو ناخۆشی سوتانی لایلۆن و گۆشتی برژاو ، تەمەشایەكی دەرەوە دەكەن تابزانن ئەم بۆنە لەكوێوە دێت . بەلاّم سێوە زۆر لەمێژ بوو گڕۆگلّپەی دامرابووەوە . دەیانگوت وەك خەلّوزی لێهاتبوو . ئەبێت ئازاری ئەوئینسانە چەند گەورەبێت ، كەخۆی دەسوتێنێ و دەبێ بەپشكۆو ئینجاش هاوارێكی لێبەرز نابێتەوە !!

**********

بۆیان گێرامەوە ، پاش ئەم كارەساتە دلّتەزێنە ،كاك جەمالّی مێردی، هەروەك داری بێ ئاو ، چرچ چرچ ، وشك وشك بوبوەوە . خەلّكی پێییان دەگوت: كاك جەمالّ باشتر وایە بەدووای ژنێكی تردا بگەڕێیی ، ئەم سەلكەوبنكەیە بەتەنهایی بەخێو ناكرێ. بەلاّم كاك جەمالّ پێی ناچوو دووای سێوە جارێكی تر ، ژنێكی تر لەژێرباخەلّی بنێ . ڕۆژهات و ڕۆژ چوو ، دوو سێ سالّی خایاند ، كاك جەمالّ هەرژنی نەهێنا، بەلاّم نیوەڕوانێك خەلّكی سواری ئۆتۆمۆبێل بوون و گوتیان دەچین بۆداخوازی و كچێكی گەلێك باشمان بۆ كاك جەمالّ دۆزیوەتەوە ، لەبنەمالّیەكی زۆر هەژارو باش ، گوێڕایەلّ ، بەقسەكەرو هەتا بلّێی جوان وشۆخ وشەنگە . لەچەمچەمالّ كچێكی تەمەن ٢٣سالّەیان بۆكاك جەمالّ دۆزیبووەوە ، كچەكە ناوی «خەیالّ» بوو ، خەیالّ چی.. هیچ خەیالّێك نەیدەتوانی جوانێكی وا پەروەردەكا. خەیالّیان گواستەوە، بەلاّم شایی و زەماوەندیان بۆنەكرد ، چوونكە ئەوكاتە بەهۆی شەڕی ناوشارەكانی یەكێتی و پارتیەوە هاوسێ و ناسیاوەكان ماتەمینییان هەبوو . دەیانگوت: خەیالّ ، كاك جەمالّی زۆر خۆشدەویست ، پێكەوە زۆرخۆشبەخت بوون، هەموو بەهارێك لەچەمچەمالّەوە دەهاتنەوە بۆ «ناوشوان» بۆ زرعاتكردن ، ڕۆژێك لەكاتی تەماتەكردنەوە ، خەیالّ بەردەبێتەوە ناو گۆمە تەماتەیەك ، كاك جەمالّ چاوی لێدەبێت ، سەرەتا وا دەزانێ هالّخلیسكاوە ، كاتێك بانگی دەكاو دەڕواو دەیەوێ ڕاستی بكاتەوە، خەیالّ بەسەر دەستیا وەك خوری شل و شاو دەبێتەوە.» خەبەر گەیشتەوە چەمچەمالّ ، هەرچی خزم و كەس و كار هەیە ڕووی كردە ناوشوان ، لاشەی بێگیانی خەیالّیان هێنایەوە . ئەو شیوەن و واوەیلایەیی بۆ ئەوكراوە بۆهیچ كەس نەكراوە . ئاخر یەشتا زۆر گەنج بوو ! من حەپەسابووم و نەمدەزانی چی بلّێم ،پرسیم : باشە بۆمرد ؟ چۆن هەروا بەلادا هاتوو مرد ؟ خۆ مار پێوەی نەدابوو ؟ ولاّمیان دامەوە : نا ، خۆزگە مار بوایە ، ئەگەر ماربوایە دەكرا نەمرێ ، بەلاّم ئەو كچە "ڕەبۆیی" هەبوو ، هەرلەمنالّیەوە ، نەیان توانیبوو چارەسەری بۆ بدۆزنەوە ،كەسێك ڕەبۆی هەبێ و شەورۆژ ناومالّ گسكداو ناوزرعات بێ و تۆزو خۆلّی دنیا بچێتە سیەكانیەوە حەتمەن ناژێ . من بەم بەسەر هاتە زۆر تێك چووم ، پڕچاوەكانم بوون لەفرمێسك خەمێكی قولّ دایگرتم ، نازانم بۆ پرسیم : ئەی ئێستا كاك جەمالّ وەزعی چۆنە ؟ ولاّمیان دامەوە ، كاك جەمالّ وەك هەمیشە بێ شانس و بێ بەختە ، تازە زەحمەتە ژنی چوارەمی بۆ بێ ، ئەو شانسی لەژن نیە !!!